# محەڕەم محەمەد ئەمین

## ١٩٢١-٢٣ی تەمموزی ١٩٨٠

## کۆبەرهەمە ئەدەبی و سیاسی و فەلسەفییەکانی




خستنەڕووی: دانا

هەتا پێش چاپکردنی (کۆبەرهەمە ئەدەبی و سیاسی و فەلسەفییەکانی) رەنگە تەنها وەکو چیرۆکنووسێک یان مرۆڤێکی تێکۆشەرو نیشتمانپەروەر (محەڕەم محەمەد ئەمین)مان ناسیبێت و کەمتر ئاگاداری لایەنەکانی تری ژیانی بووبین، بەڵام دوای چاپکردنی ئەو کتێبە، کە لەسەر ئەرکی بنەماڵەکەی کۆکراوەتەوەو ئامادەکراوەو چاپکراوە، ئاشنابووین بە چەند لایەنێکی تری ژیان و نووسین و ئەدەبی ئەو نووسەرە.

محەڕەم محەمەد ئەمین ساڵی ١٩٢١ لە شاری سلێمانی لەدایکبووەو هەر زوو تێکەڵی دونیای سیاسەت بووە، بەشێکی تەمەنی بۆ ئەو لایەنە تەرخانکردووەو لەو پێناوەشدا چەندین جار رووبەڕووی زیندان و ئەشکەنجەدان بووەتەوە، بەڵام سیاسەت نەیتوانی ئەو نووسەرە لە دونیای ئەدەب و نووسین زەوت بکات، وەک چۆن پێشتر و دوای ئەویش کۆمەڵێک ئەدیبی زەوت کرد، ئەو خۆیشی نەیویست ئەدەبەکەی بکات بە قوربانی

سیاسەت و مامەڵەکردنی لەگەڵ هەر یەکێکیاندا لەو چوارچێوەیەدابوو کە هیچیان نەکات بە قوربانی ئەوەی تریان، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە سیاسەتکردنەکەی لە سەرێکی ترەوە زیانی بە ئەدەبەکەی گەیاند، ئەویش ئەوەبوو کە کەمتر پەرژایە سەر کۆکردنەوەی نووسینەکانی و تا پێش چاپکردنی ئەو کتێبە، نووسینەکانی بە پەرش و بڵاوی مابوونەوەو کۆنەکرابوونەوە، لەکاتێکدا کۆکردنەوەی نووسین و بابەتەکانی یەکێک بوو لە خەونەکانی. دیارە کۆنەکردنەوەو دەستنەکەوتنی نووسینەکانی بووە هۆی ئەوەی کەمتر قسەی لەسەربکرێ و لای لێ بکرێتەوە. رەنگە کۆنەکردنەوەی بەرهەمەکانی لەلایەن خۆیەوە بەشێکی بۆ ئەو زیندانیکردن و بێنەوبەردەیە بگەڕێتەوە کە بەهۆی سیاسەتکردنەوە رووبەڕووی بووەتەوەو نەیهێشتووە بپەرژێتە سەر کۆکردنەوەیان، کە ئەمە ئەرکێکی قورسی بەجێهێشتووە بۆ ئەو کەسانەی دواتر هەڵساون بەو کارە، چونکە ئەو بابەت و تێکستانەی وەکو کتێب و نامیلکەی سەربەخۆ بڵاویکردوونەتەوە، ماوەیەکی زۆر تێپەڕیوە بەسەر چاپکردنیانداو گەلێکیان فەوتاون و تیاچوون، رەنگە بە دەگمەن لە هەندێک کتێبخانەدا مابن. ئەوانەشی لە بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوبوونەتەوە، ئێستا بە زەحمەت دەستدەکەون و دوورنییە هەندێکی هەر نەمابن.. رەوف حەسەن (کە لەگەڵ (جیهان عومەر و هەڵکەوت عەبدوڵڵا)دا ئەرکی زۆریان کێشاوەو ماندووبوون لە کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەدا) دەڵێ: من خۆم چەند ساڵێک بەر لەوەی دەستبکەمە گەڕان بە دووی بەرهەمەکانیداو دەستبدەمە کۆکردنەوەی سەرجەمیان، دووچاری ئەم کێشەیە بووم و.. تەنانەت ئەو کتێب و نامیلکانەی بە دەستی خۆی و بە ئاگاداریی من و برادەرانی و بە چەندین نوسخە پێشکەشی کتێبخانەی گشتی سلێمانی کردبوون، هەندێکیان لەوێشدا نەماون! تا ئەو رادەیەی سۆراخکردن و بە زەحمەت دۆزینەوەی یێکدوو کتێب، چاپکردنی ئەم کۆبەرهەمەی بۆ چەندین مانگ دواخست.. ئەمە وێڕای ئەوەی بەهۆی تێپەڕبوونی نیو سەدەو زیاتریش، بەسەر ئەو وتارو بابەتانەیدا کە لە هەندێک رۆژنامەو گۆڤاردا بڵاویکردوونەتەوە.. لە کاتی دۆزینەوەو فۆتۆکردنیاندا لاپەڕەکانی بە دەستەوە هەڵدەوەرین و کارەکە هێندەی دی گرفتاوی دەبوو.....

محەرەم محەمەد ئەمین یەکێکە لەو نووسەرانەی بە ژمارە نووسینی کەمە، بەڵام توانیویەتی لە چەند بوارێکدا بنووسێت و جێگە دەستی دیاربێت. لە بواری چیرۆکدا نزیکەی تەنها (١٣) چیرۆکی هەیە، بەڵام بەو ژمارە کەمەوە توانیویەتی خۆی جیابکاتەوە لە چیرۆکنووسانی نەوەکەی خۆی و جۆرێکی تر بنووسێت کە لەوان نەچێت. قسەکردن لەسەر چیرۆکەکانی ئەو نووسەرە و سەرجەم چیرۆکی ئەو قۆناغەو پێواندنیان بە چیرۆکی ئێستاو ئەو پێوەرانەی لەم قۆناغەدا بەکاردێن بۆ چیرۆک، کارێکی هەڵەو نەکردەیە، ئەگەر بە پێوەری ئێستا قسە لەسەر چیرۆکی ئەوکات بکەین، ئەوا سەرجەمیان بەدەر نابن لە کۆمەڵێ کەموکوڕی و گرفت، بەڵام ئەگەر چیرۆکەکانی محەرەم محەمەد ئەمین بەراورد بکەین بە چیرۆکی سەردەمەکەی خۆی، لە چەندین لاوە هەست بە جیاوازی دەکەین.

هەندێک لە چیرۆکەکانی محەرەم کۆتاییەکی کراوەیان هەیەو خوێنەر وا لێدەکەن لێکدانەوەو بۆچوونی جیاوازیان هەبێت لەسەریان، بێگومان ئەمەش تەمەنی دەق درێژتر دەکاتەوەو وا دەکات تا ماوەیەکی زۆر قسەو گفتوگۆی جیاجیای لەسەر بگوترێ، ئەمە جگە لەوەی لە چەند چیرۆکێکیدا هەندێک کێشەو پرسیاری وروژاندووە کە رەنگە بۆ ئێستاش کێشەو پرسیار بن، بۆ نمونە لە چیرۆکی (مام هۆمەر)دا باس لە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی دەکات، کە ئەو بابەتە بابەتێکی هەنوکەییەو تا ئێستاش درێژەی هەیەو کێشەیەکی بەردەوام و گەورەی مرڤایەتییە. لەو چیرۆکەدا (مام هۆمەر) لەسەر دزینی قاپێک چێشت بۆ منداڵەکانی دادگایی دەکرێت و بۆ ماوەی سێ مانگ دەخرێتە زیندانەوە،

که ئەو سێ مانگ زیندانیکردنە دواتر دونیایەک کێشەو گرفت بەدوای خۆیدا دێنی و چەندین کارەساتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، کەچی (بایز بەگ)ی دراوسێی ماڵی (مام هۆمەر) ڕۆژانە ڕەنجی هەزاران هەژار زۆردارانە ئەخوات و کەسیش لێی ناپرسێتەوەو لە گوڵ کاڵتری پێ ناڵێن.. ئایا ئەو کێشەیەی محەڕەم محەمەد ئەمین لەو چیرۆکەداو لەو سەردەمەدا وروژاندوویەتی، کێشەی ئێستاو مرۆڤی ئەم سەردەمەش نییە؟ ئایا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ئێستاشدا بەدەست نایەکسانیی کۆمەڵایەتییەوە ناناڵێنی؟ ئەوە نییە لە ئێستاشدا یاساو لێپرسینەوەکان تەنها بۆ (مام هۆمەر)ەکانەو (بایز بەگ)ەکانیش بێ خەم لە سەرووی یاساوە پاڵیانداوەتەوە؟!.. یان لە چیرۆکی (زیندووی مردوو)دا کە ساڵی ١٩٥٣ بڵاویکردووەتەوە، باس لەوە دەکات کە مرۆڤی زیندوو ئەو مرۆڤەیە ئامانجێکی هەبێت لە ژیانیداو خەباتی بۆ بکات، ئەگەرنا مرۆڤی بێ ئامانج کەسێکی مردووە، بەڵام نەخراوەتە قەبرەوەو بەسەر زەویدا دەڕوات!.. ئەم چیرۆکە باس لە دیوی ناوەوەو لایەنی ڕۆحیی ئینسان دەکات و ئەو لایەنە بە دیوە زیندوو و ڕاستەقینەکەی مرۆڤ دەزانێت، دیوی دەرەوە ئەگەر زیندووش بێت و لە جوڵەدابێ، هەر مردووەو بە رووکەش زیندووە، مادام لە ناوەوە ئامانجێکی نییە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی. لە چیرۆکی (شای قەرەجەکان)یشدا باس لە نەبوونی وڵات و خەمی بێ نیشتمانی دەکات، ئەو کێشەیەی بەردەوام قوربانی دەدرێ لەپێناویدا.

جگە لە بواری چیرۆک، محەڕەم محەمەد ئەمین لە بواری شانۆشدا نووسینی هەیەو یەک شانۆیی نووسیوە بە ناونیشانی (جنۆکە لە قەفەزی تاوانباریدا)، کە باس لە زانست و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دەکات و بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ بیروباوەڕی خورافی و هزری دواکەوتوودا، کە لەو سەردەمەدا قەناعەتی خەڵکانێکی زۆر بووە. لە بواری وەرگێڕانیشدا کۆمەڵێک بابەتی فەلسەفی و ئەدەبی و مێژوویی وەرگێڕاوە، کە بۆ ئەو کات گرنگیی بەرچاویان هەبووە. نووسینی گۆشەو بابەتی ڕۆژنامەوانی یەکێکی ترە لەو بوارانەی محەڕەم محەمەد ئەمین کاری تێداکردووەو لەو بوارەشدا چەندین بابەت و نووسینی بڵاوکردووەتەوە لە ڕۆژنامەی ژین و گۆڤاری بڵێسەو ڕۆژی نوێ و هەتاو و بەیان و چەند بڵاوکراوەیەکی تر، کە بۆ ئەو سەردەمە بابەتی سەرنجڕاکێش بوون.

وەک پێشتر وتمان (محەڕەم محەمەد ئەمین) نووسینی زۆر نییە، بەڵام ئەو کەم نووسینەی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نەیویستووە زۆردارانە سواری ملی نووسین بێت و تەنها لەبەر ئەوەی نووسینی زۆر بێت، زۆر بنووسێت. ئەوەندەی توانیبێتی و بە باشی زانیبێ نووسیویەتی، ئەگەرنا بێدەنگیی هەڵبژاردووەو ڕێزی لە نووسین گرتووە، هەر ئەو ڕێزگرتنەیەتی لە نووسین، کە ناوی ئەوی هێشتووەتەوە لە ڕیزی ناوە دیارەکانی ئەدەبی کوردیدا.